زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# پرسی ناوچە كوردستانییە دابڕێندراوەكان
# لە نێوان سەركردایەتیی كورد و دەوڵەتی عێراقدا (١٩٧٥-٢٠٠٣)
# (پارێزگای كەركووك بە نموونە)

## پڕۆژەی دەرچوونە

پێشكەش بە بەشی مێژوو كراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە زانستی (مێژوو)

ئامادەكراوە لە لایەن:
**هاوناز رضا حەسەن**

بە سەرپەرشتی:
**پ. ی. د. دلشاد مەحموود عەبدولڕەحمان**

نیسانی- ٢٠٢٣

## پشتگیریی سەرپەرشتیار

ئەم پڕۆژەی دەرچوونە کە بە ناونیشانی: (**ئاراستە سیاسی و هزرییەکانی پارتە کوردییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٣٩–١٩٥٨**)، لەژێر سەرپەرشتی من ئامادەکراوە و نووسراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی مێژوو، من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەشی لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

واژوو:

ناو: **پ. ی. د. دڵشاد مەحموود عەبدولڕەحمان**

مێژوو: /٢٠٢٣/٤

# پێشکەش

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشکەشە بە:

- ✓ خانەوادەکەم، کەوا هەردەم پاڵنەر و ڕێنیشاندەرم بوونە بۆ درێژەدان بە خوێندن.

- ✓ هەموو خوێنەرانی مێژوو و بابەتە مێژووییەکان.

- ✓ بە سەرۆکایەتی بەشی مێژوو و سەرجەم مامۆستا و کارمەندە بەڕێزەکان.

# سوپاس و پێزانین

- سوپاسی خوای گەورە دەکەم کە توانای پێبەخشیم بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە .
- سوپاس و رێز و وەفا بۆ دایک و باوکی خۆشەویستم، کەوا هەمیشە هاندەر و پاڵپشتم بوون بۆ گەیشتنم بەو ئاستە لە زانست.
- سوپاسی (پ. ی. د. دلشاد مەحموود عەبدولڕەحمان) سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم دەکەم، کە ئەرک و ماندووبوونێکی زۆری لەگەڵ توێژینەوەکە کێشا و ئەرکی سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەمی گرتە ئەستۆ و بە سەرنج و تێبینییەکانی توێژینەوەکەی دەوڵەمەندتر کرد .
- سوپاسی هەموو ئەوکەسانە دەکەم کە بە بچوکترین هاوکاری بەشدارییان کردووە لە تەواوکردنی توێژینەوەکەم، بە تایبەت ئەو هاورێیانەی یارمەتیان داوم لە وەرگێڕانی کتێبەکان لە زمانی عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی.

# هێما کورت کراوەکان

أ- هێما کورتکراوەکان بە زمانی کوردی

| | |
|---|---|
| ز | زایینی |
| ب. س | بێ ساڵی چاپ |
| ل | لاپەڕە |

ب- هێما کورتکراوەکان بە زمانی عەرەبی

| | |
|---|---|
| م | الميلادي |
| د. ت | دون تاريخ الطبع |
| ص | الصفحة |
| ص ص | أكثر من صفحة |

# ناوەڕۆک



| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پشتگیریی سەرپەرشتیار | II |
| پێشکەشکردن | III |
| سوپاس و پێزانین | IV |
| هێما کورتکراوەکان | V |
| ناوەڕۆک | VI |
| پێشەکی: چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکە و شیکردنەوەی سەرچاوەکان | 4-1 |
| **تەوەری یەکەم: سنووری جوگرافی و شوناسی نەتەوەیی و پێشینەیی مێژوویی ناوچە دەبڕێندراوەکان** | 11-5 |
| باسی یەکەم: سنووری جوگرافی | 5 |
| باسی دووەم: شوناسی نەتەوەیی | 7 |
| باسی سێیەم: پێشینەی مێژوویی | 9 |
| **تەوەری دووەم: سیاسەتی دەوڵەتی عێراق و پارتە کوردستانییەکان سەبارەت بە پرسی ناوچە کوردستانییە دابڕێندراوەکان** | 19-12 |
| باسی یەکەم: سیاسەتی دەوڵەتی عێراق سەبارەت بە ناوچە کوردستانییە دابڕێندراوەکان | 12 |
| باسی دووەم: پێگەی ناوچە کوردستانییە دابڕێندراوەکان لە بەرنامە و بایەخی پارتە کوردستانییە دابڕێندراوەکان | 18 |
| **تەوەری سێیەم: ناوچە کوردستانییە دابڕێندراوەکان لە دەستووری عێراق و سیاسەتە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا** | 25-20 |
| باسی یەکەم: کاریگەری هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لەسەر پرسی ناوچە کوردستانییە دابڕێندراوەکان | 20 |
| باسی دووەم: ناوچە کوردستانییە دابڕێندراوەکان لە برگە و مادده دەستوورییەکانی عێراق | 23 |
| ئەنجام | 26 |
| لیستی سەرچاوەکان | 29-27 |

# پێشەکی

مەبەست لە ناوچە دابڕێندراوەکانی کوردستان هەموو ئەو ڕووبەرە زەوی و (یەکە کارگێڕییە)یانەیە، کە بەشێکی دانەبڕاون لە هەرێمی کوردستان، بەڵام بە فەرمی لە چوارچێوەی فەرمانڕەوایەتیی دەسەڵات و دان پێدانراوی هەرێمی کوردستاندا نییە. سەرەتای داگیرکاری خاکی کوردستان بۆ دەیان سەدە لەمەوپێش دەگەڕێتەوە، لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا لە ژێر دەستی داگیرکەراندا بووە، داگیرکەرانیش هەموو توانایەکی خۆیان بۆ بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانە مرۆیی و سروشتییەکانی تەرخان کردووە. سەرەڕای ئەوەی هۆکارە سروشتی ( بەرز و نزمی، ئاو و هەوا. . . ) و مرۆیی (کۆمەڵایەتی و ئابووری، رۆشنبیری و ئایینییەکان هۆکاری یاریدەدەر بوون، بۆ مانەوەی گەلەکەی لە ژێردەستەیی و خاکەکەی بە داگیرکراوی. بە هاتنی بەریتانییەکان لە دەیەی دووەمی سەدەی رابردووەوە، بەشێکی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ویلایەتی مووسڵ (کوردستانی باشوور) دەستیان بەسەردا گرت، بەڵام بەرژەوەندی و تاکتیکی ڕامیاری بەریتانیا لەوەدا بوو، کە دەسەڵاتێک لە ناوچەی کوردی لە ژێر سەرپەرشتی خۆیان دروست بکەن، کوردستان بۆ چوار پارچە دابەش بکەن. ئەوە بوو ویلایەتی مووسڵ لکێندرا بە عێراقی عەرەبییەوە.

کێشەی کورد و دەوڵەتی عێراق یەکێکە لە کێشە نەتەوەییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، سەرەکیترین پرسیش پەیوەستە بە کێشە کەڵەکەبووەکانی سنوورە نەتەوەییەکەی نێوان نەتەوەیی کورد و پێکهاتەی باڵا دەستی عەرەبی عێراق، کە زۆر جار کێشەی تێکڕای ناوچە بەندە بە چارەسەری ئەم پرسەوە، بە تایبەتی پرسی سنوور کە دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی سەر زەوی و ژێر زەوی و یەکێکە لە سەرەکیترین سەرچاوەکانی وزەی جیهان، ئەمەش بۆتە هۆی جێگای بایەخ و چاوتێبرینی نێودەوڵەتی و هەرێمی.

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

نەبوونی توێژینەوەیەکی دیاریکراو کە تێکڕای پێکهێنەرانی پرسەکە لە خۆ بگرێت، سنووری جوگرافی و شوناسی نەتەوەیی و پێشینەی مێژوویی، قۆناغەکانی مێژوویی و دەست تێوەردانی هەرێمی و نێودەوڵەتی، روانگەی پارتەکان، روانگەی دەستوور کە قۆناغەکانی سیاسەتی رژێمی بەعس لە خۆ دەگرێت، هەروەها پرسی ماددە دەستوورییەکانی عێراق کە تایبەت بوون بە کورد و

ناوچە دابڕێندراوەکان. پاڵنەری سەرەکی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە ئاڵۆز بوونی زیاتر و زیندوویەتی پرسەکەیە لە ئێسادا، چارەسەر نەکردنی کێشەی ناوچەکان و جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووریی هەمیشەیی عێراق و دەست تێوەردانی دەوڵەتانی هەرێمی و نێودەڵەتی و سەپاندنی سیاسەتی ناوەند بەسەر ناوچەکەدا.

نەبوونی زانیارییەکی تەواو لەسەر ناوچە دابڕێندراوەکان کە چۆن دەستی بەسەردا گیراوە ، هەلوێستی پارتە کوردییەکان چی بوون سەبارەت بە ناوچەکان، کە حکومەتی عێراقی لە مێژووی دۆزینەوەی نەوت لە کەرکوک، سەرقاڵی گرتنی و دەست بەسەرداگرتی ئەم ناوچانەیە، کردنی بە ناوچەیەکی عێراقی عەرەب. توێژینەوەکە زانیاریەکی تەواوی لەسەر ناوچەکان تێدایە، بە تایبەتی ناوچەی کەرکوک، چونکە کەرکوک دەوڵەمەندە بە نەوت. یەکێکی تر لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم یوێژینەوەیە، ناحیە و گوندەکانی دەوروبەری پارێزگای کەرکوکە، بە هۆی سیاسەتی رژێمی بەعس کە عەرەبەکانی نیشتەجێ دەکرد، لەم ناوچانە و ویستی عەرەبەکان بۆ کاری پیشەیی و کاری کشتوکاڵی، بوونە هۆی کێشە لە نێوان کورد و عەرەبەکان، کە تا ئێستاش ئەم کێشانە بەردەوامی هەیە، بۆتە هۆی نیگەرانی کوردەکان لە لەدەست چوونی موڵک و زەویەکانیان. سەڵماندنی کوردستانی بوونی ناوچە دابڕێندراوەکان، بە پشت بەستن بە کۆمەڵێک هۆکاری جۆراو جۆری مێژوویی و جوگرافی و ئامار. . . ئاشنا کردنی زیاتری گەلی کورد بە گرینگی ناوچە دابڕێندراوەکان. ئاماژە کردن بە تاوانەکانی حکومەتە عێراقییەکان بەرامبەر بە دانیشتوانی ئەو ناوچانە و هەوڵەکانی گەلی کورد و سەرکردایەتی کورد بۆ گەرانەوەی ناوچە دابڕێندراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

زیندووڕاگرتنی زەمینەی رەوایەتی مێژوویی و جوگرافی ناوچەیەکی دیاریکراوی دەوڵەمەند بە سامان و سەرچاوە سروشتییەکان. خزانی پرسی ناوچە دابڕندراوەکان بۆ ناوەندە زانستی و ئەکادیمییەکان و دەرهێنانی ئەو پرسەیە لە چوارچێوەی چەمکە سیاسی و هزرییەکان. دەکرێت بەشێک لە چارەسەرییەکانی پرسەکە، بەرپرسیاریەتەکەی لەسەر شانی مێژنووس و توێژەرانی زانستییەوە خۆی ببینێتەوە.

**گرفتەکانی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەیەکی لەم جۆرە کە قۆناغەکانی دەسەڵاتی عێراق لە کوردستان باس دەکات، دەکرێت هەندێک گیر و گرفت بێتە رێگا وەک: پارتە کوردییەکان کەمتر بایەخیان بە ئەرشیڤی نەتەوەیی داوە، زانیاری و داتاکان پەرژ و بلاون، هەوڵی بە دۆکیۆمێنتکردنی پرۆسەی دانوستاندنەکان، ئامارێکی وردی ناوچەکان و راگواستنی کورد و پاکتاوی دانیشتوان بە تەواوی لە بەردستدا نییە.

نووسینی زۆر و بە مەبەستی لایەنگیری، وتاری سیاسی و بۆچوونە بە مەبەست، توێژەر لە ئاست گەیشتن بە بڕیاری تەندروست و زانستی دووچاری گیروگرفت دەکات، بۆیە تا رادەیەک ئەم گرفتانە گاریگەریان بەسەر پرۆسەی ئەنجامدانی توێژینەوەکە دەبێت، بەڵام بە هەوڵ و کۆششی زانستیانە تواندراوە بەسەر ئەو کۆسپ و گرفتانەدا زاڵبین. نەبوونی ئاماری (دانیشتوان، پیشەسازی، کشتوکاڵی...) نوێی ناوچە دابڕێندراوەکان. جگە لە ئەنجام دانی پرۆسەکانی راگواستن و بەعەرەبکردن. . . لە ناوچەکەدا، جگە لە کۆچی بەردەوامی عەرەبەکانی شارە عەرەبییەکانی تری عێراق بۆ ناوچەکە و گۆرینی دیمۆگرافییەکەی.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

لەو کاتەوەی کە کێشەی کورد کراوە بە کێشەی ویلایەتی موسڵ، دواتر لەسەردەمی شۆرشی ئەیلوول ناونراون بە ناوچەکانی دەرەوەی شۆرش، پاشان لە حەفتاکان بەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئۆتۆنۆمی، لە راپەرینی ساڵی ١٩٩١ بە دواوە بە ناوچە ئازاد نەکراوەکان، پاشان بوون بە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، دواجار لە دەستووردا وەک ناوچەی جێناکۆک ناسراون، بەوردی پێکهاتەی نەتەوەیی جوگرافیایی شاری کەرکوک، سنوورەکەی لە کوێوە دەست پێ دەکات، قەزای خانەقین دەکەوێتە کوێوە، ئیجا دێینە سەر شوناسی نەتەوەیی، باس لە پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق دەکەین و باس لە کورد و تورکمان و عەرەب دەکەین، دواتر دێینە سەر باسی سێیەم کە ئەویش باس لە پێشینەی مێژووی ناوچەکان دەکرێت کە چۆن رژێمی بەعس توانی عەرەبەکان نیشتەجێ بکات لە ناوچە دابڕێندراوەکان، لە تەوەرەی دووەمدا لە باسی یەکەمدا باس لە سیاسەتی عێراق دەکەین بەرامبەر بە ناوچە دابڕێندراوەکان و چۆن رژێمی بەعس سەریهەڵدا، لە باسی دووەمدا باس لە پارتە کوردستانییەکان دەکرێت، کە چ هەڵوێستێکیان نواندووە بەرامبەر بە حکومەتی عێراق و

چ ڕێکەوتنامەیەکیان بەستتوە یان ئایە ڕێکەوتنامەیان بەستتوە. لە تەوەرەی سێیەمدا باس لە وڵاتە زلهێزەکان دەکەین کە چۆن توانیویانە بگەنە ناوچەکە وبە چ مەبەستێک بووە. دواتر دێینە سەر باسی ناوچە کوردستانییە دابڕێندراوەکان لە بڕگە و مادده دەستوورەییەکانی عێراق.

**شیکردنەوەی سەرچاوەکان:**

لە توێژینەوەدا دەبێت سەرچاوە و زانیارییەکی باوەڕپێکراو بەکاربهێندرێ، کە زۆر پشت بە وتەکان و نووسینەکان ببەسترێت. یەکێک لەو سەرچاوانەی کە لەم توێژینەوەدا بە کارهاتووە، کتێبی (کێشەی کورد لە عێراق، کێشەی سنوورە یان بوون؟ ) کە لە نووسینی د. خلیل اسماعیل محمدە، زۆر بە وردی ئاماژە بە ناوچە دابڕێندراوەکان دەکات و باس لە کێشەی کورد و بە تایبەتی سیاسەتی حکومەت بەرامبەر بە پارێزگای کەرکوک دەخاتە روو، هەروەها یەکێکی تر لە کتێبەکان، کتێبی (سنووری کوردستان) لە نووسینی عەبدوڵلا غەفور کە باس لە سنووری جوگرافیایی ناوچەکانی کوردستان دەکات و بە جوانی سنووری ناوچەکان روون دەکاتەوە، یەکێکی تر لە کتێبەکان، کتێبی (ماددەی دەستووریی هەمیشەیی عێراق) لە نووسینی دکتۆر ئازاد عوسمانە باس لە مادده دەستوورییەکانی ١٤٠ و ٥٨ دەکات، بڕگە و مادده دەستوورییەکان روون دەکاتەوە.

دواجار ماوەتەوە بڵێین هیچ توێژینەوەیەک ببیدەر نییە لە کەموکوڕی، بۆیە ئەم توێژینەوەیەش لافی کامڵی و تەواوەتی لێنادات، بەڵام ئەوپەڕی توانا و هەوڵمان خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە بێتە بەرهەم، کامڵیش لە خواوەوەیە.

## تەوەری یەکەم: سنووری جوگرافی و شوناسی نەتەوەیی و پیشینەی مێژوویی ناوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکان

### باسی یەکەم: سنووری جوگرافی:

دیاریکردنی سنوور واتا دابرین یان بەندکردن یان ڕێگرتن لە تێکەلاوبوون. بەواتایەکی تر جیاکردنەوە و سنووردارکردنی بنەما مرۆیی و سروشتیەکانی رووبەرێک یان یەکەیەکی جوگرافی (وشکانی، ئاوی، هەوایی) کە لەسەر نەخشە بە هێلێک و لە سەر زەوی بە سیم دیاری دەکرێت[١]. کوردستان ئەگەر چی واتای ولاتی کوردان دەدات بەلام لە راستیدا لەو چەمکە گەلێ فراوانترە سنوورەکەی نەوەکو هەر پەیوەندی بەو زەویانەوە هەیە کە کوردی لەسەر ژیاوە و دەژی بەلکو پەلیش بۆ زەویەکانی دەوروبەریش دەهاویژێت. کوردستان لە باکوورەوە لەگەل تورکیا و لە رۆژهەلاتەوە ئێران و لە باشوورەوە عێراق و لە رۆژئاواشەوە سوریا هاوسنوورە. بەلام سنووری لەگەل ئەم دەولەتانەدا بەشێوەکی فەرمی دەست نیشان نەکردووە و لەلایەن ئەم چوار دەوڵەتەوە نەدان بەبوونی خاکی کوردستاندا دەنێت و نە بڕواش بەو سنوورانە دەکەن. بەلکو کوردستان بەبەشێک لە خاک و نەتەوەی کوردیش بەبەشێک لە نەتەوەکانی خۆیان دادەنین[٢]. کوردستان لە رووی پێکهاتەی نەتەوەییەوە هەرێمێکی یەکجار ئالۆزە.

سنووری کوردستان لە باشووری خانەقینەوە دەست پێ دەکات و بەتەنیشت زنجیرەی چیا و گردەکانی حەمرینەوە دەروا. روو دەکاتە ناوچەکانی شاری مووسڵ و باشوری شاری شنگار تا سەر سنووری سوریا. ناوچە دابرێندراوەکانی هەرێمی سنووری کوردستان چەندین ناوچە و شار لە خۆ دەکرێت[٣].

---

١. ئەحمەد رەفیق کەریم، ناوچە دابرێندراوەکانی هەرێمی کوردستان، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان،سلێمانی،٢٠١٤،ل١٨.

٢. عەبدوڵا غەفور، سنووری کوردستان،چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٧.

٣. پ. د. خلیل اسماعیل محمد، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق،چ١،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨، ل١٦-١٧.

ناوچەی کەرکووک بە پێی بەرزاییەکانی دەوروبەری لە باکوور، زنجیرە بەرزاییەکانی ( کانی دۆمەڵان) بەسەر شاری کەرکووک دەروانێت. بەمەش دەکەوێتە دەشتە فراوانەکانی خۆرئاوای زنجیرە چیاکانی زاگرۆس، کە لە باشووری خۆرئاواوە بە زنجیرە بەرزاییەکانی حەمرین کۆتای دێت و وەک سنوورێکی سروشتی ناوچەکەیە. بانی کەرکووک بە ناوچەی گواستنەوەی نێوان دەشتی لیتە لە باشووری خۆرئاوا و ناوچەی زورگ و شاخاوی لە باکوور و باکووری خۆرهەڵات ناسراوە. تا بەرەو باشووری خۆرئاوا برۆین، رادەی بەرزی و نزمی کەم دەبێتەوە. کە لەسەر ئاستی دەریاوە ٢٠٠-١٠٠٠م دایە، بەمەش کرداری داڕوتان و نیشتن کەمتر دەبێتەوە و دەشتەکانی فراوانتر دەبێت. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەم ناوچەیە بۆ کشتوکاڵ و ئاودێری بەکاربێت. وەک چاندنی گەنم و جۆ و بەتایبەت چاندنی کونچی و ئاژەڵداری[١]. قەزای خانەقین ڕووبەری نێوان باکووری رۆژهەلاتی پارێزگای دیالەیە، کە نزیکە لە سنووری عێراق و ئێران دەگرێتەوە و دەکەوێتە باشوری رۆژهەلاتی هەرێمی کوردستان[٢].

کەرکووک بە هۆی ئەو پێگە جوگرافییەی کە لە ناوچەکە هەیەتی، پێگەیەکی گرینگی لە ڕووی بەستنەوەی شارەکانی باشوور و خۆرئاوا بە خۆرهەڵات و باکوورەوە هەیە. ناوچەی کەرکووک دەکەوێتە سەر هێڵی (٢٥-٤٥)ی درێژی و (٢٥-٣٥)ی پانی. هاوینان کەش و هەوایەکی مام ناوەندی هەیە، زستانان مام ناوەندیە. کەرکووک ناوچەیەکی زۆر دەولەمەندە بە نەوت و بە یەکێک لە گەورەترین کێڵگەکانی نەوت لە جیهان دادەندرێت[٣].

---

(١) کامەران کوێخا جەلال، مێژووی کۆنی کەرکوک لە رۆشنایی دەقەکانی نوزی، چ١، چاپخانەی خانی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٣٠،٣١.

(٢) د. لیث محمود محمد زەنگەنە، شیکردنەوەی چەند دیاردەیەکی جوگرافیا لە هەرێمی کوردستان، چ١، چاپخانەی کتێبە گشتییەکان، چوار چرا ٢٠١١، ل١٣.

(٣) نەجات حەسەن، چمکێک لە مێژووی کەرکوک، ب١، کەرکوک، ٢٠٠٦، ل ١٨.

.کەرکووک یەکێکە لە شارە گەورەکانی کوردستان لە رووی فراوانی رووبەرەکەیەوە، چوارەم شاری عێراقە[1]. پارێزگای کەرکوک یەکێکە لە ناوچە دێرینەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست و عێراق. پارێزگای کەرکووک بۆتە خاڵی بە یەک گەشتنی دوو ناوچەی شاخاوی و دەشتایی . شاریکی بازرگانی و رەگێکی ئابووری عێراقیشە هەریەکە لە پارێزگاکانی موسڵ و دیالە و سەلاحەدین و سلێمانی و هەولێرە. لە دراوسێکانی ئەم شارەن جیا لە سەرچاوە نەوتیەکانی بە رووبەری (٢٥٠٠٠٠٠) زەوی کشتوکاڵی هەیە خاوەنی شوێنەوارە مێژووەکانی وەک قەلای مێژووی کەرکوک و چەرمۆ و مزگەوتی نەبی دانیالە و بازاری دێرینی کەرکوکە[2]. ئەمەش وای کردووە ئەم ناوچانە بەردەوام ململانێی لەسەر هەبێت. کوردستان خاکێکی فراوان و نیشتیمانی میلەتی کوردە، کۆمەلگایەکی یەکگرتووی نەتەوەی هاو توخمە لە نێوان تورکیا و عێراق و ئێران و سوریا دابەشکراوە[3] .

**باسی دووەم: شوناسی نەتەوەیی:**

پێکهاتە سەرەکیەکانی عێراق سوننەکان و شیعەکان و کوردەکانن لەسەر سروشت و دارشتە و شوناسی دەولەت ناتەبا و ناکۆکن. ململانێ و پێکدادانە نەتەوەی و مەزهەبیەکان لەسەر شوناسی خاک و وێناکردن و شوینی عێراق لە هاوکیشە نەتەوەی و مەزهەبیەکان سەرچاوەی هەرە سەرەکی کێشە و گرفتەکانی عێراق پێک دەهێنیت. داننان بە فرە نەتەوەی و فرە ئاینی و فرە مەزهەبی و فرە کەلتووری و ریزگرتن لە جیاوازیەکان پرسی هەرە سەرەکین کە بەرەنگاری دەولەتی عێراق بوونەتەوە. شوناس بوونێکی بابەتیانەی هەیە و بەستراوەتەوە بە کۆمەلیک خەسلەتی میراتگرانە

(١) پشکۆ حەمەتاهیر ئاغجەلەری، شاری کەرکەک، چ١، لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی. ن. ک) سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤٩.

(٢) کەرکوک لە سەدەی نۆزدەهەمدا، بەختیار سەعید مەحمود، لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی. ن. ک)، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٢٨.

(٣) کەریم زەند، کوردستانی پەرتکراو، چ١، چاپخانەی ئەزمر، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٨.

وەک نەژاد و رەگەز و خاک و زمان و خزمایەتی و خوێن[1]. یەکێک لەو شارانەی کە خاوەنی شوناس بوو، شاری خورماتووە کە لە قۆناغەکانی مێژوو ئەم شارە خاوەن دەسەلات و سەربەخۆی بووە[2].

تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ململانێی شووناس لە نێوان کورد و تورکماندا. بەهۆی سیاسەتەکانی حکومەتی کۆماری دووەمی ١٩٦٣ و ئەوانی ترەوە بەهۆی جێ گیرکردنی عەشایەری عەرەبی باشور لە کەرکوک لەلایەک و لە ناوبردن و دەرکردن و ناسنامە گۆرینی کورد و تورکمانەکانەوە عەرەبەکانیشی بە جۆرێک کردە بەشێکی سەرەکی ململانێکە. لە نێوان سالی ١٩٦٣ ، ١٩٦٨ حکومەتی عێراق. پرۆسەیەکی رێکخراوی سەربازیی و ئابووری و کلتووریی بۆ ئالوگۆری شوناسی کەرکوک دەست پێ کرد. کە خۆی لە هێنانی عەرەبی خواروو بۆ کەرکوک و گواستنەوەی دانیشتوانی کەرکوک بۆ باشوور. گۆرینی کرێکارانی کوردی کارگەی نەوت بە عەرەب و دامەزراندنی چەندین بنکەی سەربازی لە کەرکوک و ناونانی ئەو ناوچانە بە ناوچەی ئەمنی. بەو بیانووە خالیکردنی لە دانیشتوانی کورد. پێدانی چەک بە خێلە عەرەبەکان و هاندانیان دژی شۆرشی کوردەکان و گۆرینی ناوە کۆنە تورکمانی و کوردیەکانی شار بە ناوی نوێی عەرەبی. بە هۆی سیاسەتی بە عەرەب کردن و سەرکوتکاری بەغداوە کەرکوک گۆرانکاری دانیشتوان و شوناسی ریشەیی بەسەر داهێنرا. لە سالآنی ١٩٧٥ ١٩٧٦ دا عێراق هەریەکە لە قەزاکانی چەمجەمال و کەلار و کفری و دوزخورماتووی لە کەرکوک جیا کردەوە[3].

ناوچەی کەرکووک، جێگای بایەخ پێدانی هەموو ئەو هێز و ئیمپراتۆریەتەکان بووە. کە ویستویانە داگیری بکەن بە درێژایی مێژوو، چونکە رێگای گواستنەوە و بازرگانی بووە. گەروو و دەربەندی وەک ( بازیان، باسەرە، سەگرمە)ی هەبووە. لەبەرئەوە هێزەکانی ناوچەکە سەربازگەی

---

(١) شێرکۆ کرمانج، شوناسی عێراق ململانێی نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، شێرکۆ کرمانج ، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٣٦.

(٢) حەسەن بارام، ڕەهەندەکانی کوردستانی بوونی قەزای خورماتوو، لە بلاوکراوەکانی یەکێتی نوسەرانی کورد، چ١، کەرکوک، ٢٠١٢، ل٢٨.

(٣) د. ئومێد رەفیق فەتاح، ئایندەی کەرکوک لە نێوان هەولێر و بەغداد چ١، سەنتەری لێکۆلینەوەی ئایندەی، سلێمانی، ٢٠١٨، ل١٢،١٣.

گەورەیان لە ناو شارەکە و دەوروبەری دامەزراندووە، بە مەبەستی پاراستی شارەکە و ڕێگا بازرگانییەکان، قەلاکەی بەڵگەی ئەو راستیەییە. هەروەها خالێکی گومرگی گەورە بووە لەو کاروانە بازرگانیەی کە بەو ڕێگایەدا تێپەر بوون لە ڕۆژئاوای ئەنادۆل یان سوریا و بەرەو و باشووری ڕۆژئاوای ئێران و ئەم ناوچەیە لەگەڵ مووسڵ و دیالە هاوسنوورە و بازرگانی بە هێزیان لە نێواندا هەیە[1].

بە هۆی ئەوەی کە تورکمانە سونییەکان لە هەردوو چەرخی عوسمانی و عێراقیدا کەرکووکدایان گرتبوو. شوناس نامەی هەندێک لەو خێزانە کوردانە، گۆڕا کە چاویان بڕیبووە وەزیفەی دەوڵەتی. یان ئەگەر بیانویستایە دەورێکی دیاریان لە بازرگانی کردندا هەبێ. بەشێک لە کوردەکان ئەوەیان دەرنەدەبڕی کە کوردن یا لەسەر ژمێرییە ڕەسمییەکانی دەوڵەتدا ناوی خۆیان بە تورکمان دەنوسی، بە تایبەتی ئەوانەیان کە لە گەرەکەکانی تورکمانی شارەکەدا دەژیان. مەسەلەی خۆ بە تورکمان کردنیکورد و عەرەب لە کەرکووک، لەو کاتەی کە ڕژێمی بەعس هاتە سەر حوکم ڕێچکەیەکی تری وەرگرت. هەندێک لە کورد و تورکمانەکان خۆیان کردووە بە عەرەب تا کۆچ و باریان پێ نەکرێ، یان وەزیفەکانیان لە دەست دەر نەچێ یا بەرژەوەندی و پرۆژە ئابووریەکانیان بپارێزن[2].

**باسی سێیەم: پێشینەی مێژوویی:**

دوای ئەوەی عوسمانییەکان لە سالی ١٥٥٤ ویلایەتی شارەزووریان داگیرکرد و لەدەست ئیمپراتۆریەتی سەفەوییان دەرهێنا و بووە بەشێک لە دەولەتی عوسمانی بۆ نزیکەی چوار سەدە . زۆربەی ناوچەکانی باشووری کوردستانن بێجگ لە هەرێمی بادینان و لورستان نەبێ لەنێو ئەیالەتیک ڕێک خرابوون پێیان دەوت ویلایەتی شارەزوور لە شارە سەرەکیەکانی ئەم هەرێمە بریتیبوون لە کەرکوک و هەولێر و کۆیە و شارەزوور و رواندز. . . هتد ناوەندەکەی شاری

---

(١) فاتیح عەبدوللا شوانی، پارێزگای کەرکوک لە ١٩٥٧-١٩٧٧، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٣٩.
(٢) د. نوری تاڵەبانی، ناوچەی کەرکوک و هەوڵی گۆرینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە، چ٢، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٤١،٤٢. .

کەرکوک بوو لەساڵی (١٨٧٩) سولتان عەبدولحەمید بریاری دا ویلایەتی شارەزوور لەگەڵ سنجاقی مووسڵ سەر بە ویلایەتی بەغداد یەکبخرێ ویلایەتی موسلی پێک هێنا. دروست کردنی ئەم ویلایەتەش بۆ کاری ئاسانکاری ئیداری نەبوو بەلکو بۆ پێکەوە بەستنەوەی ئەو ناوچانە بوو کە نەوتێکی زۆری تیایدا دۆزرایەوە[١].

کاتێ کە عوسمانییەکان دەستیان گرت بەسەر عێراقدا. عێراق دابەش کرا بۆ (١٧)پارێزگا. کاتێک کە دەوڵەتی عێراقی لە بنەرەتدا پێکهێنرا لە هەر دوو ویلایەتی بەغداد و بەسرە واتا ئەم دوو ویلایەتە پێکەوە دەولەتی عێراقیان دەنواند. کاتێک کە بەریتانییەکان تێکۆشان بۆ لکاندنی ویلایەتی موسل بە عێراق. ئەمەش بووە هۆی توند بوونی قەیرانی نێوان عوسمانییەکان و بەریتانییەکان لە ئەنجامدا کۆمەلەی نەتەوەکان لیژنەیەکی نارد لە سالی ١٩٢٤ دا بۆ دەرخستنی راستییەکان وە لەو خالە گرنگانەی کە لیژنەکە بە دەستی هێنا ئەمانە بوون:-

١. سنووری عێراق لە بەرزاییەکانی حەمرین یان تکریت لەسەرێک نەبوون لە عێراق

لەگەل ئەوەشدا بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە مەزنەکان وە بەتایبەتی بەریتانیا رۆلی بنەرەتی هەبوو لە لکاندنی ویلایەتی موسل بە دەولەتی عێراقەوە لە سالی( ١٩٢٥) دا بەم جۆرە کەرکوک بووە یەکێ لە پێکهاتە کارگێرییەکان لەم دەولەتەدا[٢].

ریژێمی بەعس لە سالی هاتنە سەر کاریەوە وەک دەسەلاتداری عێراق بە جارێک نەخشەی کۆمەلایەتی و دیمۆگرافی کەرکوکی گۆری بە شێوەیەک کە سەرجەم پەیوەندییە کۆمەلایەتی و نەتەوەییەکانی ئەو شارە بەرەو هەلوەشاندنەوە بچێت. هەروەها عەرەب گەلێکی لە هەموو لایەکەوە تیژراند[٣]. لە ناوچەکانی دەوروبەری کەرکووک بە درێژایی مێژوو، چەندین نەتەوەی جیاواز روویان تێ کردووە وەک ئەکەدی و سۆمەری[٤].

---

(١) کاوە قادر نادر، بە عێراقییکردنەوە یان قوولبوونەوەی قەیرانی ناسنامە، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٧٧.

(٢) د. خلیل اسماعیل محمد، کێشەی کورد لە عێراق، کێشەی سنوورە یان بوون؟، و. عبدالله رشید حسین ، ل١٩٢.

(٣) لەتیف فاتیح فەرەج، کورد و کەرکوک، ب١،ب. س، ل٨١.

(٤) کامەران کوێخا جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

لەتەک شالاوەکانی کۆچپێکردن و راگواستن دا کەبەسەر شاری کەرکوکدا هاتووە حکومەتی عێراق تێکۆشا بۆ چاندنی ئەم شارە بە هۆزە عەرەبەکان و پێشکەش کردنی گشت پێداویستیەکانن. بۆ جێکرگردنیان وەک دابەشکردنی زەوی کشتوکالی و دروست کردنی دێهات و کۆمەلگای نیشتەجێکردن و جێبەجێکردنی پرۆژە ئاودێریەکان. کاتێ کە حکومەتی عێراق سەرکەوتوو بوو، لە گشت ئەم شێواز و هۆکارانە هێنانی عەرەب بۆ پارێزگاکە . بەنای بردە بەر پارجە پارجەکردنی نەخشەی کارگێری پارێزگای کەرکوک لە رێی دابەشکردنی یەکە کارگێرییەکان کە زۆربەی دانیشتوانەکانیان کورد بوون بەسەر پارێزگاکانی دەوروپشت دا لەیەک وە لکاندنی ئەو یەکە کارگێریانەی کە زۆربەی دانیشتوانەکانیان عەرەب بوون بە پارێزگای کەرکوکەوە لەلایەکی ترەوە. کەرکوک بوو بە کەرکوکی کوردستانی و دوانی تری تورکمانی و عەرەبی . هەلبەتە جیا لەوەی کە لەم شارەدا ئاشورییەکان و پێکهاتەی دیکە بەدی دەکرێت[١].

---

(١) د. خلیل اسماعیل محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٣.

## تەوەرەی دووەم: سیاسەتی دەوڵەتی عێراق و پارتە کوردستانییەکان سەبارەت بە پرسی ناوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکان

**باسی یەکەم: سیاسەتی دەوڵەتی عێراق سەبارەت بە ناوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکان:**

کاتێک کە دەوڵەتی نوێی عێراق دامەزرا، لە ناو شاری کەرکوک تەنها ٣٠ خێزانی عەرەبی هەبوون، نیشتەجێی نێوان هەردوو گەرەکی پیریادی و موسەڵابوون. دواتر لەگەڵ دەست پێکردنی کارەکانی کۆمپانیای نەوت لە ساڵی ١٩٢٧ دەسەڵاتدارانی عێراق فەرمانبەری عەرەبیان لە بەغدا و بەسرەوە دامەزراند و دانیشتوانی ڕەسەنی کەرکوک بێ بەش دەکران لەو دامەزراندنە. بەڵام گەورەترین پرۆسەی سیاسی ڕژێمی بەعس ، پرۆژەی ئاودێری حەویجە بوو کە زیاتر لە ٢٠،٠٠٠ عەرەبی کۆچەری لە حەویجە نیشتەجێ کران. پرۆژەی حەویجە حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٣٧دا ناوی پرۆژەی زەوی وە بەرهێنانی لێنا و هەستا بە نیشتەجێ کردنی خێڵە کۆچەریە عەرەبەکانی نزیک چیای حەمرین لە خێڵەکانی ( عوبێد، جبور، ئەلبوحەمدان) و لیژنەیەکی تایبەتی دامەزراند بە ناوی (لیژنەی بووژاندنەوەی زەویە میرییەکان) بە مەبەستی دابەشکردنی ئەو زەویانە بەسەر خێڵانەدا، بۆیە لیژنەکە بۆ هەر لیژنەکە بۆ هەر جوتیارێک ٧٠ دۆنم زەوی تەرخان کرد بە مەبەستی ئەنجامدانی کشتوکاڵی کە ئەو زەویانە بە ناوی وەبەرهێنانەوە پێیان بەخشرا[1].

---

١. دلێر عەزیز محمود، کەرکوک(١٩٢١-١٩٥٨) ( لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی – ئابوورییە)، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٥٨-٦١.

ڕژێمی بەعس جولانەوەیەکی نەتەوە پەرست بە ناوی "جولانەوەی بەعسی عەرەب" کە بە واتای جولاندنەوەی ژیاندنەوەی عەرەب دێت. بەعسی عەرەبی هێشتا لە کاتی خۆرێکخستندا بوو، کە نەیتوانی بوو بنکەیەکی ڕێکخراوی و سیاسی و کۆمەلایەتی لە ناو جەماوەری عەرەبدا پێکەوە بنێت، کە یەکەمین کۆنگرەی دامەزرێنەری خۆی لە ٧ی نیسانی ١٩٤٧دا بەست کە هێلی ستراتیجی خۆی دارشت. بۆ گۆرینی باری ژیانی عەرەب و یەکگرتنەوەی عەرەب. لە کۆنگرەکەدا ناوی جوولانەوەکە کرا پارتی بەعسی عەرەبی. کە ئەویش لە ساڵی ١٩٥٣دا لەگەڵ پارتی سۆسیالیستی سوریا یەکیان گرت و بەو جۆرە حزبی بەعسی سۆسیالیستیان پێک هینا. حیزبی بەعس لە ١٩٦٣/٢/٨دا بۆ یەکەم جار لە عێراقدا دەسەڵاتی سیاسی گرتە دەست، بەڵام چەند مانگێکی نەخەیاند روخا و دەسەڵاتی سیاسی لە دەست دا. بەڵام بۆ جاری دووەم لە ١٩٦٨/٧/١٧ دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا گرتەوە دەست[١].

دوای ئەوەی لە سالی١٩٢٥دا بە رەسمی ویلایەتی مووسڵ دەجێتە نێو نەخشەی سیاسی عێراقەوە، کورد لە زۆرینەوە دەبێتە کەمینە. کوردستان ناوچەیەکی زۆر دەولەمەندە بە سامانی نەوت و کانزا بەنرخەکانی دیکە، هەروەها هەرێمێکی گرینگە بۆ بەدەستهێنانی ئاسایشی خۆراک. چونکە خاوەنی خاکێکی بە پیت و سەرچاوەی ئاوی زۆرە، لە بەر ئەوە رژێمە عێراقیەکان بەردەوام بوون لە سیاسەتەکانی خۆیان بەرامبەر بە کوردستان کە بە قازانجی زۆرینەی عەرەب بێت[٢].

پلانی بە عەرەب کردنی کوردستان و کەرکووک بە تایبەتی پلانێک بوو بۆ سرینەوەی هەبوونی نەتەوەیەک لەسەر زێدی خۆی، ئەم سیاسەتە لە لایەن حزبی بەحس پلانرێژی بۆ کرا. ئەم سیاسەتە لە هزرێکی تونرەوەوە سەرچاوەی گرتووە. هزرێک کە تەنها بونی خۆی دەبینێ و بوونی خەڵکانی تر رەت دەکاتەوە، چاو دەبرێتە خاکیان بۆ ئەم مەبەستەش پەنا دەباتە بەر شێوازەکانی قرکردن و جینۆساید و پاکتاوی رەگەزی و دەست بەسەر داگرتنی خاک. ئەم سیاسەتە سیاسەتی

---

(١) ئەمین قادر منە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان (تەرحیل، تەعریب،تەبعیس)،چ١، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانی (ی. ن. ک)، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٦٠- ٦٢.

(٢) فەرمان عبدالرحمن، پاکتاوکردنی رەگەزی کورد و کوردستانی عێراق،چ١، لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هوشیاری (ی، ن، ک)، ٢٠٠٦، ل٢٦.

حزبی بەعس بوو، کە دژ بە کورد بە کاریان هێنا[١]. لە ساڵی ١٩٦٣ و دوایی هاتنی بەعسیەکان بۆ سەر دەسەڵات، پلانی راگواستن و عەرەباندن و بە بەعسکردن کەوتە بەرفراوان و توندترەوە. لەو ماوەیەدا ٤٢٪ ی خاکی کوردستان کەوتە بەر شاڵاوی راگواستن و دەرکردنی دانیشتوانەکەی لەسەر زێدی باب و باپیرانیان[٢]. لە ڕێکەوتی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ ڕێکەوتنامەیەک لە نێوان مستەفا بارزانی و سەدام حوسێن ئیمزا کرا[٣]. کە ڕێکەوتنامەیەکە پێکهاتبوو لە پازدە خاڵ کە گرینگترینیان بریتین لە زمانی کوردی شان بە شانی زمانی عەرەبی دەبێتە زمانی رەسمی لەو ناوچانەی زۆربەی دانیآتوانەکەی کوردن و هەروەها پێکهانانی لیژنەیەکەکی تایبەت بە ئاوەدان کردنەوە و گەشەکردنی ناوچە کوردییەکان. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم ڕێکەوتنامەیە جێ بە جێ نەکرا و زۆر لە کێشە و ئالۆزیەکانی یەکلا نەکردەوە. هەندێک لە کێشەکان بریتی بوون لە دان نەنان بەو راستییەی کە ناوچەکانی خانەقین و کەرکووک و شەنگار بەشێکە لە کوردستان هەروەها دانانی چوار ساڵ بۆ چێ بە جێ کردنی ڕێکەوتنامەیەکە[٤].

لە ساڵی ١٩٧٦ رژێمی بەعس درێژەی بە سیاسەتی بە عەرەبکردن دا و پێنچ ساڵی دانابوو بۆ تەواو کردنی. ئەم بەرنامەیەی واتە ١٩٧٦-١٩٨١ بەرنامەکەشی بریتی بوو لە تێکدان و راگواستنی گوندەکانی کوردستان. لە سەرەتادا بە ناوچە نەوتییەکان و ستراتیژییەکان وەک ناوچەکانی کەرکووک و خانەقین و مەندەلی و مەخمور و شەنگال دەستی پێ کرد. رژێمی بەعس پاش ئەوەی کوردی گوندەکانی رادەگواست، پاشان بە بیانووی پاراستنی بیرە نەوتییەکان گوندەکانی عەرەب نشین دەکرد . هەر لەو ساڵەدا بە پێی کۆماری لە ١٩٧٦/١١/٢٩ ناوی پارێزگای کەرکووکی، لە کەرکووکەوە گۆری و کردی بە پارێزگای (التآمیم). بە پێی هەمان فەرمان قەزای دووزیشی خستە سەر پارێزگای سەڵاحەددین، کە هەر بەو فەرمانە ئەم پارێزگایەش پێکهاتبوو. هەر لەو ساڵەدا گوندی سەرگەڕان لە دیبەگە دابڕا و خرایە سەر قەزای دووبز و کرا بە ناحیەی قودس[٥].

---

(١) فەرمان عبدالرحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

(٢) مەسعود بارزانی، بۆ مێژوو، چ٢، چاپخانەی رۆکسانا، هەولێر، ٢٠٢٠،ل٤٠.

(٣) ژێرار شالیان، تراژیدیای کورد، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠١٠، ل١١٣.

(٤) د. کەوسەر عەزیز گەلاڵی،باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٥٨ەوە تا ئەمرۆ، چ١، چاپخانەی کاروان، هەولێر، ل٤٤.

(٥) غەفور مەخموری، بە عەرەبکردنی کوردستان، چ٣، چاپخانەی دارا، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٣٦.

ئەم سیاسـەتە لە لایەن حزبی بەحس پلانریـژی بـۆ کـرا. ئەم سیاسـەتە لە هزرێکـی تـونرەوەوە سەرچاوەی گرتووە. هزرێک کە تەنها بونی خـۆی دەبینـێ و بـوونی خەڵکـانی تـر رەت دەکاتەوە، چـاو دەبـرێتە خاکیـان بـۆ ئەم مەبەسـتەش پەنـا دەبـاتە بەر شـێوازەکانی قرکـردن و جینۆسـاید و پاکتـاوی رەگەزی و دەست بەسەر داگرتنی خاک. ئەم سیاسەتە سیاسـەتی حزبی بەعس بوو، کە دژ بە کـورد بە کاریان هێنا [١]. لە ساڵی ١٩٦٣ و دوایی هاتنی بەعسیەکان بۆ سـەر دەسـەڵات، پلانـی راگواسـتن و عەرەباندن و بە بەعسکردن کەوتە بەرفـراوان و توندترەوە. لەو مـاوەیەدا ٤٢٪ ی خـاکی کوردسـتان کەوتە بەر شـاڵاوی راگواسـتن و دەرکردنـی دانیشـتوانەکەی لەسـەر زێـدی بـاب و باپیرانیـان[٢]. لە رێکەوتی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ رێکەوتنامەیەک لە نێوان مستەفا بارزانی و سـەدام حوسـێن ئیمـزا کـرا[٣]. کە رێکەوتنامەیەکە پێکهاتبوو لە پازدە خاڵ کە گرینگترینیـان بـریتین لە زمـانی کوردی شـان بە شـانی زمـانی عەرەبـی دەبێـتە زمـانی رەسـمی لەو ناوچـانەی زۆربەی دانیشـتوانەکەی کـوردن و هەروەهـا پێکهانانی لیژنەیەکەکی تایبەت بە ئاوەدان کردنەوە و گەشەکردنی ناوچە کوردییەکـان. بەڵام لە هەمـان کاتدا ئەم رێکەوتنامەیە جێ بە جێ نەکرا و زۆر لە کێشـە و ئاڵۆزیەکانی یەکلا نەکردەوە. هەندێک لە کێشـەکان بریتـی بـوون لە دان نەنـان بەو راسـتییەی کە ناوچەکـانی خـانەقین و کەرکـوک و شـەنگار بەشـێکە لە کوردسـتان هەروەهـا دانـانی چـوار سـاڵ بـۆ جـێ بە جـێ کردنـی رێکەوتنـامەیەکە[٤].

١. فەرمان عبدالرحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

٢. مەسعود بارزانی، بۆ مێژوو، چ٢، چاپخانەی رۆکسانا، هەولێر، ٢٠٢٠،ل٤٠.

٣. ژێرار شالیان، تراژیدیای کورد، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠١٠، ل١١٣.

٤. د. کەوسەر عەزیز گەلاڵی،باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٥٨ەوە تا ئەمرۆ، چ١، چاپخانەی کاروان، هەولێر، ل٤٤.

له ساڵی ١٩٧٦ ڕژێمی بەعس درێژەی بە سیاسەتی بە عەرەبکردن دا و پێنچ ساڵی دانابوو بۆ تەواو کردنــی. ئەم بەرنــامەیەی واتە ١٩٧٦-١٩٨١ بەرنامەکەشــی بریتــی بــوو لە تێکــدان و ڕاگواســتنی گوندەکانی کوردستان. لە سەرەتادا بە ناوچە نەوتییەکان و ستراتیژییەکان وەک ناوچەکانی کەرکوک و خانەقین و مەندەلی و مەخمور و شەنگال دەستی پێ کرد. ڕژێمی بەعس پاش ئەوەی کوردی گوندەکانی ڕادەگواست، پاشان بە بیانووی پاراستنی بیرە نەوتییەکان گوندەکانی عەرەب نشین دەکرد . هەر لەو ساڵەدا بە پێی کۆماری لە ١٩٧٦/١١/٢٩ ناوی پارێزگای کەرکوکی، لە کەرکوکەوە گۆری و کردی بە پارێزگای (التآمیم). وە بە پێی هەمان فەرمان قەزای دووبزیشی خستە سەر پارێزگای سەلاحەدین، کە هەر بەو فەرمانە ئەم پارێزگایەش پێکهاتبوو. هەر لەو ساڵەدا گوندی سەرگەڕان لە دیــبەگە دابــڕا و خــرایە ســەر قەزای دووبــز و کــرا بە نــاحیەی قــودس[١]. وەک ســەرەتایەک بــۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی تەعریبکردنی قەزای مەندەلی، ناحیەی بەلەدرووز کە زۆرینەی عەرەب بوو لە رووی ئیداریەوە خرایە سەر ئیدارەی مەندەلی، دوایی جێ بە جێکردنی ئەم هەنگاوە ئیداریە، ناحیەی بەلەدرووز کرا بە قەزاو و مەندەلیش لە رووی ئیداریەوە بچووک کرایەوە کرا بە ناحیە، ئینجا خرایە ســەر قەزای بەلەدرووز[٢]. حزبــی بەعــس یەکێــک لە سیاســەتەکانی تــری کە لە پارێزگــای کەرکــوک پەیرەوی کرد ئەوە بوو، قەدەغەکردنی فرۆشتنی زەوی و زار بە غەیرە عەرەب، هەروەها قەدەغەکردنی کرینی زەوی و خانوو لە لایەن کوردەوە بە هیچ شێوەیەک ڕێگە پێدراو نەبوو[٣].

---

١. غەفور مەخموری، بە عەرەبکردنی کوردستان، چ٣، چاپخانەی دارا، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٣٦.

٢. د. خەلیل اسماعیل محمد، دۆزی کورد لە نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، ل١٩٠.

٣. سۆزان کەریم مستەفا، بە عسیزم و کورد، چ١، دەزگای حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٧،ل٢٥٣.

سـەدام حوسـێن لە ١٩٧٨/٧/١٨دا لە کـۆنگرەیەکی رۆژنـامە نووسـیدا دەڵـێ: (( سـەبارەت بە خەتـی سنووری عێراق و ئێران و تورکیا. . . ، بڕیاری گواستنەوەی ئەو گوندانە، کە زۆربەیان ماڵی چۆڵ بـوون، هـیچ کەرەسـتەیەکی پێشـکەوتن و شارسـتانی تێـدا نەبـوو، دەوڵەت نەیـدەتوانی هـیچ خزمەتگوزاریەکی کۆمەڵایەتی و ئابووریان بۆ دابین بکات، بۆیە بڕیار درا ئەو ناوچە سنووریانە بە قوڵایی ١٠ بۆ ٢٠کم چۆڵ بکرێن، واتە زەوی عێراقی هاو سنووری تورکیا و ئێران، دانیشتوانەکەی بگوازرێتەوە گوندی هاوچەرچ، کە هەموو کەرەستەیەکی خزمەتگوزاری بۆ دابین کراوە، بە جۆرێ لە گوندەکانی دەوروبەری بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق ئەو خزمەتگوزاریانە دەست ناکەوێ. . . ))[١]. بەڵام راستییەکەی وا نەبوو، چونکە گواستنەوەی دانیشتوانی ناوچە سنوورییەکان بۆ ناوەراست و خوارووی عێراق، زیاتر لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی نەخشە بۆ دارێژراو بوو. مەبەستی رژێمی بەعس دابڕینـی کـورد بـوو، لە پەویوەنـدی کـردن بە پـارچە داگیرکراوەکـانی تـر و لە نـاوبردنی ئەو پـێگە جـوگرافییە، کە بژێـوی بـۆ دانیشـتوانەکەی دابـین دەکـات[٢]. لە دوایـی راپەرینـی سـالی(١٩٩١) و رزگارکردنی بە شێکی هەرێمی کوردستان و مانەوەی بە شێکی تری لە ژێردەستی حزبی بەعس، ئەوا زۆر بە درندانە تا سالی(٢٠٠٣) زۆربەی ناوچەکانی چۆلکرد لە شارە گەورەکانەوە چەندین خێزانی کوردیان لەو ناوچانە رەوانەی ناوچەی ئازاد کراوەکانی هەرێم دەکرد و ئاوارەیان دەکردن. هەر ئەمەش بوو وای کرد رێژەی عەرەب لە هەرێمی کوردستانی لە ماوەیی نێوان١٩٥٧-١٩٦٥ رێژەکەی لە هەرێمـی کوردسـتان لە(٣٢) وە بەرزکـردوە بـۆ رێـژەی ٣٤، بەلام لە مـاوەی نێـوان ١٩٦٠-١٩٧٧ کە ماوەی سەرەتای حوکمی بەعسیەکانە لە ٣٤ بەرزبۆوە بۆ ٤٢. ئەم رێژە زۆرەش بە گشتی دەکەوێتە ناوچەکانی سەر بە پارێزگای کەرکوک و دیالە و موسڵ و سەلاحەدین[٣].

---

١. کـــامەران بابـــان زادە، رێکەوتننـــامەی جەزائیـــر و رەهەنـــدەکانی لەســـەر کێشـــەی کـــورد لە باشـــووری کوردستان،چ١،چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٥٣.

٢. د. جەمـال فەتحـوڵلا تەیـب، بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد لە باشـووری کوردسـتان(١٩٧٥/٣/٢١-١٩٨٠/١١/٢٨) لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە، چ١، چاپخانەی شڤان، هەولێر،٢٠١٢، ل٣٨.

٣. د. هـاورێ یاسـین محمـد امـین، لێکـۆلینەوەیەک لە جوگرافیـای هەرێمـی کوردسـتان، چ٣، چاپخـانەی کـارۆ، سـلێمانی، ٢٠١٤، ل٢٣١.

وەک سەرەتایەک بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی تەعریبکردنی قەزای مەندەلی، ناحیەی بەلەدرووز کە زۆرینەی عەرەب بوو لە رووی ئیداریەوە خرایە سەر ئیدارەی مەندەلی، دوایی جێ بە جێکردنی ئەم هەنگاوە ئیدارییە، ناحیەی بەلەدرووز کرا بە قەزاو و مەندەلیش لە رووی ئیداریەوە بچووک کرایەوە کرا بە ناحیە، ئینجا خرایە سەر قەزای بەلەدروز(١). حزبی بەعس یەکێک لە سیاسەتەکانی تری بریتیبوو، لە قەدەغەکردنی فرۆشتنی زەوی و زار بە غەیرە عەرەب(٢). لە دوایی راپەرینی سالی(١٩٩١) و رزگارکردنی بە شێکی هەرێمی کوردستان و مانەوەی بە شێکی تری لە ژێردەستی حزبی بەعس، ئەوا زۆر بە درندانە تا سالی (٢٠٠٣) زۆربەی ناوچەکانی چۆلکرد لە شارە گەورەکانەوە چەندین خێزانی کوردیان لەو ناوچانە رەوانەی ناوچەی ئازاد کراوەکانی هەرێم دەکرد و ئاوارەیان دەکردن. هەر ئەمەش بوو وای کرد رێژەی عەرەب لە هەرێمی کوردستانی لە ماوەی نێوان١٩٥٧-١٩٦٥ رێژەکەی لە هەرێمی کوردستان لە (٣٢) وە بەرزکردوە بۆ رێژەی ٣٤، بەلام لە ماوەی نێوان ١٩٦٠-١٩٧٧ کە ماوەی سەرەتای حوکمی بەعسیەکانە لە ٣٤ بەرزبۆوە بۆ ٤٢. ئەم رێژە زۆرەش بە گشتی دەکەوێتە ناوچەکانی سەر بە پارێزگای کەرکووک و دیالە و مووسڵ و سەلاحەددین(٣).

## باسی دووەم: پێگەی ناوچە کوردستانییە دابرێنراوەکان لە بەرنامە و بایەخی پارتە کوردستانییەکاندا:

ناوچەی کەرکووک گەلێکی زیندووی هەیە، کە بە قەبارە وچالاکیانەوە هێزی مرۆیی بۆ هەرێم زیاد دەکات. وە خاکێکی فراوانی هەیە کە پانتایی ڕووبەری جوگرافی و سیاسی هەرێمی کوردستان زیاد دەکات. بایەخ دانی هەرێم و عێراق بەهۆی بوونی گرینگە ئابوورییە گەورەکەیەتی. کە بە شێوەیەکی بەرچاو بەشداری کردووە، لە ڕێڕەوی سیاسی حکومەتەکانی عێراق. هەر لەبەر ئەوەیە دەست گرتن بەسەری واتە زیادبوونی هێزی ئەو لایەنە، چوونە چوارچێوەی هەرێمی

(١) د. خەلیل اسماعیل محمد، دۆزی کورد لە نەخشەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا، ل١٩٠.

(٢) سۆزان کەریم مستەفا، بە عسیزم و کورد، چ١، دەزگای حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٧،ل٢٥٣.

(٣) د. هاوڕێ یاسین محمد امین، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٣١.

کوردستانیش هێزێکی سیاسی و ئابووری کاریگەر دەبەخشێتە هەرێم. کە کاریگەریەکەی زۆر زیاد دەکات، لەسەر عێراق و هەرێم. هەروەها یارمەتیدەرێکی راستەقینەی جیاببنەوە دەبێت لە عێراق چونکە جوگرافیای کورد لەگەڵ عەرەبدا جیا دەبێتەوە[١]. لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە پارتە کوردستانییەکان دەست بەرداری ناوچە دابڕێندراوەکان نابن. سەدام حوسێن رازی نەبوو، ناوچە نەوتییەکان بداتەوە بە کورد[٢]. پارتی دیموکراتی کوردستان لە ماددەی (٣)ی پێڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستاندا هاتووە : کە لە میانەی کۆنگرەی (٩)ی پارتی لە تشرینی دووەمی (١٩٧٩) بڕیاری لێدراوە (( لە پێناو سڕینەوەی سیاسەتی شۆڤینانە خەبات دەکەین، کە ئەویش خۆی لە جێ نشین کردنی عەرەب و قڕکردنی کوردان دەنوێنێ))[٣].

مستەفا بارزانی دەیویست بە شێوەیەک بتوانن کێشەی کوردستانی بوونی کەرکووک چارەسەر بکات، بەڵام لەسەردەمی یەکەم دەسەڵاتی حزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣دا خەڵکی ٢٣ گوندی دەوروپستی کەرکووک کە هەموویان کورد بوون. بە بیانووی پاراستی ئاشتی لە ناوچەکەدا، لە گوندەکانیان دەرکردن و خێزانی عەرەبیان لەو گوندانە نیشتەجێ کرد[٤]. جەلال تاڵەبانی دەڵێت لە سێ شەممە رۆژێک لە سێمتێمبەر یان ئۆکتۆبەر چوومە بەغداد، چاوپێکەوتنم کرد لەگەڵ سەدام حوسێن. کە باس لە بابەتی سنووریان کردووە کە دەبێ سەر لە نوێ شێخان وئاکرێ بخرێتەوە سەر بادینان و سەبارەت بە کەرکووک سنووری پێویست دەبێ لە تەپۆلکەکانی بەرامبەریی دووزخورماتوو، کە لە ٨٠ کیلۆمیتری هەلکەوتوون. لە رێگای سەرەکی بۆلای بەغداد تێپەرێ. سەدام حوسێن گوتی کەرکووک دەبێ بە هاوبەشی بەرێوە بچێ. جەلال تالەبانی بە مەرج قبوولی کرد کە ئەویش کۆتایی بە بە عەرەب کردن بهێندرێ[٥].

---

(١) سەرکەوت عەبدوڵا حاجی پیرە، شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە عێراق، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٢٣٠-٢٣٢.

(٢) د. صالح ملا عمر عیسی، قەیران خوڵقێنی زلهێزەکان لە کوردستانی عێراق، و. سلێمان تاشان، چ١، مەکتەبی ناوەندی دیراسات و پێگەیاندنی حزبی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢١٧.

(٣) نەوتی کوردستانی عێراق، چ١، لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە، هەولێر، ١٩٩٨، ل٨٠.

(٤) حامید گەوهەری، مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆک ،چ١، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٨، ل٢٣٢.

(٥) کریس کۆچیرا، بزووتنەوەی کورد و ویستی سەربەخۆیی، و. حەسەن رەستگار، چ١، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر،٢٠١٢، ل٩٧.

## تەوەرەی سێیەم: ناوچە کوردستانییە دابڕێندوەکان لە دەستووری عێراق و سیاستە هەرێمی و نێودەولەتییەکاندا

### باسی یەکەم: کاریگەری هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لەسەر پرسی ناوچە کوردستانییە دابڕێندراوەکان:

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان بڕیاری ویلسنی سەرۆکی ئەمەریکی، بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی نەتەوە ژێر دەستەکان خرایە ژێر باس و کاری بۆ کرا. هەندێک لە نەتەوەکان لە نێوان دەوڵەتە تازە دامەزراوەکان دابەشکران و کرانە کەمە نەتەوە لەبەرامبەر نەتەوەی باڵا دەست[1]. کێشە و ململانی توند لە نێوان دوو دەوڵەتی گەورە کە ئەوانیش بەریتانیا و فەرەنسا سەری هەڵدا. لە پێناو دەست گرتن بەسەر ناوچە گرینگەکان و سەرچاوەکانی نەوت لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا. هەر یەکێک لەم دوو دەوڵەتانە، هەوڵی دەدا کە بە بە هادارترین و دەوڵەمەندترین ناوچە لە ڕووی ئابووریەوە بگرێتە دەست خۆی[2].

یەکێک لەهۆکارەکانی چاوتێبڕینی ئینگلیز بۆ عێراق دەگەرێتەوە بۆ هۆکاری نەوت لە ناوچەکەدا بەگشتی پاڵی بە ئینگلیزەوە نا کە لەساڵی ١٩١٨/١١/٨ شاری مووسڵ داگیر بکات و ئاڵای عوسمانی بێنێتە خوارەوە و ئاڵای بەریتانیا هەڵبکات[3]. گرینگی نەوتی ویلایەتی مووسڵ و بە شێوەیەکی تایبەت نەوتی کەرکوک رۆڵێکی گەورەی هەیە، لە گرینگی ئابووری و ستراتیژی، وەک دوو هۆکاری یەکلاکەرەوە دەبێت لەبەردەم رەوتی سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر دۆزی کورد[4].

---

(١) هیوا عەزیز سەعید، مێژووی بەعسیزم لە عێراق، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٩٩.

(٢) فاتیح رەسوڵ، بنچینەی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چ١، ب. ش، ستوکهۆڵم، ٢٠٠١، ل٢٤٨،٢٤٩.

(٣) سەلام خۆشناو، هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقی عەرەبییەوە، شوێنی چاپی بگەرێ، چ١، ٢٠٠٠، ل٩٧.

(٤) دڵشاد عمر عبدالعزیز، نەوتی کەرکوک و ململانێی زلهێزەکان (١٨٩٠–١٩٢٧)، چ١، چاپخانە شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک، ٢٠١١، ل ٢١٠.

ئینگلیزەکان جگە لە بەرژەوەندی ئابووری، بەدوای بەرژەوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی خۆیان دەگەران، بە تایبەتی بۆ کۆنترۆڵ کردنی رێگا بازرگانییەکان. لە رێگەی هێزی سەبازی بۆیە عێراق شوێنێکی ستراتیجی گرینگ بوو، لە بەستنەوەی هەر سێ کیشوەری ئاسیا و ئەفریقا و ئەورووپا بە یەکتری. سەرەڕای ئەوەی عێراق شوێنێکی گرینگ بوو، لەسەر کەنداوی عەرەبی و بەشێک لە رێگای وشکانی هندی پێک دێنا. رێگای پەیوەندی کردن و هاتووچۆکردنی بە ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا ئاسانتر دەکرد، وە گواستنەوەی کەل و پەڵ بۆ وولاتی هیند، باشترین بازاری ساغ کردنەوەی کالاکانی ئینگلیز بوو، بۆیە لێرەدا گریگی پێدانی بەریتانیا بە عێراق دەستی پێ کرد[١]. ناوچەی کەرکوک ئەو کاتەی نەوتی تێدا نەدۆزرابۆوە، وەک هەر شارێکی تری عێراق سەیر دەکرا و هیچ جیاوازیەکی تێدا بەدی نەدەکرا. هیچ هەوڵێکی گۆرینی شارەکە نەدراوە بە مەبەستی سیاسی، بەڵام دۆزینەوەی نەوت تیایدا و دەرک کردن بەوەی نەوت گرینگترین هۆکاری پێشخستنی ولات و بەگەرخستنی ئابوورییەکەیەتی، بەم جۆرە ناوچەی کەرکوک بە چەندین شێوە حیسابی بۆ دەکرا، چ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە و چ لەلایەن ولاتانی هەرێمی و ولاتە زلهێزەکانەوە [٢]. ئینگلیزەکان دەیانویست کوردستانی باشوور بکەن بە بنکەیەکی گرنگ، بۆ بلاوکردنەوەی نفوس و دەسەلاتیان لەهەردوو رۆژهەلاتی نزیک و دووردا[٣] . بەریتانیا دەستی کرد بە قایمکردن و چەسپاندنی دەسەلات و بەرێوبەرایەتی لە عێراق[٤]. هەروەها تورکیا هەوڵی دەدا ناوچەی کەرکوک داگیر بکات، بە هۆی ئەوەی شارێکی دەوڵەمەندە لە ڕووی بەرهەمی سەر زەوی و ژێر زەوی، هەروەها لە ڕووی جوگرافیای سیاسی و سەربازیەوە گرینگە[٥].

١. پ. ی. د. ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا، خۆپیشاندان و راپەرینەکانی باشووری کوردستان دژی حکومەتی پاشایەتی عێراق ١٩٢٠-١٩٥٨، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٨،ل ٣٠.

٢. فەرهاد حەمزە، مێژووی نەوتی کەرکوک، چ١، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٥١-١٥٢.

٣. سوارە قەلادزەیی، سەرچاوەی پێشوو ،ل٦٦.

٤. د. یاسین سەردەشتی، چەندلاپەرەیەک لە مێژووی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، ب١، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٢٧٦.

٥. ماجد خلیل فەتاح، پرسی نێوچە کوردستاننیە دابڕێنراوەکان لە نێوان دەولەتی عێراق و سەرکردایەتی کوردا(١٩٥٨-٢٠١٠)، سلێمانی ٢٠٢١، ل٣١٥.

بەریتانیا بۆ گواستنەوەی نەوتی کوردستان بۆ سەر دەریا، دەوڵەتی عێراقی عەرەبی دروست کرد، تا لەو ڕێگەیەوە نەوتی کوردستان بۆ وڵاتەکەی بگوازێتەوە [١]. ویلایەتی موسڵ ٤٨٨کم لە سنووری هاوبەشی لەگەڵ تورکیادا هەبوو، بۆیە تورکیا هەموو ڕێگایەکی سیاسی گرتە بەر تا ناوچەکە نەخرێتە سەر عێراقی عەرەبی. لە کۆتایدا لە ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٢٥ لەگەڵ بەریتانیا و عێراقدا نێوچە جێ ناکۆکەکانی ویلایەتی موسلیان خستە بەردەم لیژنەیەک لە کۆمەڵەی گەلان. دواجار تورکیا لە ٥ی حوزەیرانی ١٩٢٦دا واژوی لەسەر دەستبەردار بوونی ویلایەتی موسڵ بۆ عێراقی عەرەبی کرد[٢]. بەرامبەر بە وازهێنانی لە کوردستانی باشوور، تورکیا بڕی ٣٠٠ هەزار پاوەنی ئێستەرلینی وەرگرت و بڕیاریش درا کە بۆ ماوەیی ٥٠ ساڵ ١٠٪ پشکی نەوتی ویلایەتی موسڵ لە لایەن عێراقەوە بدرێتێ[٣]. کوردستان وەک دەوڵەمەنترین ناوچە نەوتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و نزیک، سەرنجی دەوڵەتە زلهێزەکانی ڕاکێشا و کۆنترۆڵ کردنی بوو بە یەکێک لە ئامانجەکانیان[٤].

١. فەرهاد حەمزە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣.

٢. ماجد خەلیل فەتاح، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٥.

٣. فەرهاد حەمزە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣ .

٤. ئەحمەد حەمەد ئەمین، دۆزی کورد(( لە چەند باسێکی مێژووی))، چ١، چاپخانەی خانی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٨-١٩.

بەریتانیا دەستی کرد بە قایمکردن و چەسپاندنی دەسەڵات و بەڕێوبەرایەتی لە عێراق[1]. هەروەها تورکیا هەوڵی دەدا ناوچەی کەرکووک داگیر بکات، بە هۆی ئەوەی شارێکی دەوڵەمەندە لە ڕووی بەرهەمی سەر زەوی و ژێر زەوی، هەروەها لە ڕووی جوگرافیای سیاسی و سەربازیەوە گرینگە[2]. ویلایەتی مووسڵ (٤٨٨)کم لە سنووری هاوبەشی لەگەڵ تورکیادا هەبوو، بۆیە تورکیا هەموو ڕێگایەکی سیاسی گرتە بەر تا ناوچەکە نەخرێتە سەر عێراقی عەرەبی. لە کۆتایدا لە ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٢٥ لەگەڵ بەریتانیا و عێراقدا نێوچە جێ ناکۆکەکانی ویلایەتی موسلیان خستە بەردەم لیژنەیەک لە کۆمەڵەی گەلان. دواجار تورکیا لە ٥ی حوزەیرانی ١٩٢٦دا واژوی لەسەر دەسبەردار بوونی ویلایەتی مووسڵ بۆ عێراقی عەرەبی کرد[3].

**باسی دووەم: ناوچە کوردستانییە دابڕێندراوەکان لە بڕگە و مادده دەستووریەکانی عێراق:**

دەستوور: گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییە لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەر کۆمەڵگایەک، بنەما و ماف و ئەرکەکانی تێیدا بەدەق مۆر دەکرێت، لەوانە دان پێدانان بە شێوە و شیوازی دەوڵەت و بە پرەنسیبەکانی گشتییەکان تاک و کۆمەڵ[4]. ماددەی ١٤٠ ماددەیەکی بنەڕەتی دەستووری هەمیشەیی عێراقە و و شەرعییەتی خۆی لەم دەستوورە وەرگرتووە، کە نزیکەی چوار لەسەر پێنچی خەڵکی عێراق پەسەندیان کردووە. بەبێ ڕەزامەندی گەڵی کوردیش نەلا دەدرێت و نە هەموار دەکرێت.

ناوەرۆکی مادەەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەی عێراق:

---

(١) د. یاسین سەردەشتی، چەندلاپەرەیەک لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، ب١، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٢٧٦.

(٢) ماجد خلیل فەتاح، پرسی نێوچە کوردستاننیە دابڕێنراوەکان لە نێوان دەولەتی عێراق و سەرکردایەتی کوردا(١٩٥٨-٢٠١٠)، سلێمانی ٢٠٢١، ل٣١٥.

(3) جەوهەر نامیق سالم، کورد لە گەمەی دەقە سیاسەکاندا، چ٢ دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل٣٥.

یەکەم: دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەنگاوی پێویست دەنێت، بۆ تەواو کردنی جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی هەموو بڕگەکانی ماددەی ٥٨ لە یاسای بەڕێوبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە.

دووەم: ئەو بەرپرسیارەتیەیی کە کەوتۆتە سەر شانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە حکومەتی گواستنەوەدا و لە ماددەی ٥٨ی یاسای بەڕێوبردنی دەوڵەتی عێراق، بۆ قۆناغی گواستنەوە درێژ دەبێتەوە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەڵبژێردراو و بەردەوام دەبێت. بە پێی ئەم دەستوورە تا بە تەواوی جێبەجێ بکرێت: "ئاسایکردنەوە، سەرژمێری، کۆتایی دەهێنێت بە ڕاپرسی لە کەرکووک و ئەو شوێنانەی دیکە کە کێشەیان لەسەرە بۆ دیاریکردنی ویستی هاوڵاتیانیان"[١].

جێبەجێکردنی بڕگەی (ب) ماددەی ٥٨ کە چارەسەری سنووررە ئیدارییە "گۆڕاوەکان بە مەبەستی سیاسی" لەلایەن رژێمی بە ءس دەکات، بە پەناوپێچە. لە کاتێکدا دەبوایە مەسەلەی ئەو سنورە شێواندراوانەی سێ پارێزگای (کەرکووک، دهۆک، هەولێر) و پارێزگای کەربەلا لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی ئەو بڕیارەی کە رژێمی بەعس چارەسەر بکرێت، بە تایبەتی بڕیاری ژمارە ٤١ی ساڵی ١٩٧٦ لە بارەی پارچە پارچە کردن و دابەشکردنی پارێزگای کەرکووک و گۆڕینی ناوی دەریکردووە. هەر دوو بڕگەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەی عێراق بەستراونەتەوە بە هەر سێ بڕگەی ماددەی ٥٨ی یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق و پەیوەستن بە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ماددەی ٥٨ لەلایەن هەردوو حکومەتی گواستنەوە و هەمیشەیی[٢]. ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق کە تایبەتە بە ناوچە تەعریبکراوەکان بە مانای ئاسایکردنەوەی، ئەو ناوچانە بە گوێرەی سەرژمێری گشتی دانیشتوانی ساڵی ١٩٥٧ بە گوێرەی ئەم ماددە ئەو عەرەبانەی هێندرابوون بۆ کەرکووک ٢٠ ملیۆن دیناریان پێ بدرێ و هەموو ئاسانکاریەکیش لەو ناوچانەی کە لێی هاتوون، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە. ١٠ ملیۆن دیناریش بۆ ئەو کوردانەی بە زۆر دەرکرابوون وەک یارمەتییەک بۆ گەرانەوەیان بۆ کەرکووک[٣]. کێشەی ناوچە دابڕێندراوەکانی کوردستان، کە

---

(١) د. ئازاد عوسمان، ماددەی دەستووری هەمیشەیی عێراق، چ١، چاپچانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٣، ل٧-٣٨.

(٢) د. ئازاد عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨.

(٣) سەلاح شاکەلی، ڕاگواستن و ئاوەدانکردنەوە، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨، ل٥٧.

دەناسرێت بە ناوچە کێشە لە سەرەکانی کوردستان، نەک تەنها ئالۆزتر بووە، بەڵکو جگە لە کەرکووک لە مووسڵ و دیالەش بە شێوەیەکی دژوار تەشەنەی کرددو. لایەنی عەرەبی سوننی، تەگەرەی زۆریان سەر رێگەی جێ بە جێ کردنی ماددەی ١٤٠ و حکومەتی عێراقیش جدی نییە لە جێ بە جێ کردنی دەستوورەکەدا[١].

(١) د. ئازاد عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.

# ئەنجام

دوای خوێندنەوە و هەڵسەنگانی سەرچاوەکان و بەراوردکردنی زانیارییە مێژووییەکان، توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامگیرییەک گەیشت دەکرێ لە خوارەوەدا بە پوختی ئاماژەیان بۆ بکەین:

- هەر لە سەرەتایی دامەزراندنی رژێمی بەعسەوە، پێشهاتێکی مەترسیدار دەرهەق بە ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستان دەستی پێکرد، کە سەرنجی سیاسەتەکان بەدرێژایی سنووری کوردستان لە تەواوی پارێزگای کەرکوک و ناوچە کوردییەکانی درێژەی هەبووە.

- تەواوی دانوستانەکانی سەرکردایەتیی کورد و دەوڵەتی عێراق، لە دەسپێکی سەرهەڵدانی رژێمی بەعس تاوەکو رووخانی، نیازێکی راستەقینەیان نەبووە، تێکڕایان تاکتیکی بوون و ویستوویانە دەرفەتی زیاتر بقۆزنەوە بۆ بندەستکردنەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. لەلایەکی دیکەوە تێکچوونی تەواوی دانوستانەکان لەبەر داکۆکی کورد بووە لە کەرکوک و ناوچە کوردستانییە دابڕێندراوەکان، هەموو حکومەتەکان بە تایبەتی ل ەسەردەمی حزبی بەعسدا، بە هۆکاری ستراتیجی ناوچەکە، دەوڵەمەند بە سامانی وزە و نەوتدا، بە بەرنامە هەوڵی دابڕانی ناوچەکەیان داوە.

- پرۆسەی بە عەرەبکردن و راگواستن و پاکتاوی رەگەزی، سیاسەتی هەموو حکومەتەکانی عێراق بووە، هەوڵێک بوون بۆ شێواندنی شوناسی جوگرافی و نەتەوەیی و زمان و کولتووری نەتەوەیی کورد لەو ناوچانەدا، لەم ئاکامەدا، هەموو بەهایەکی مرۆیی و ئەخلاقی و ئازادی پێشێلکرا.

- پرۆژە دەستوورییەکانی عێراق، کاتی و هەمیشەییەکان، تاوەکو رووخانی حیزبی بەعس لە (٢٠٠٣) مافی نەتەوەیی کوردیان پەسەند نەکردووە.

# لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: کتێب:**


١. ئومێد رەفیق فەتاح، ئایندەی کەرکوک لە نێوان هەولێر و بەغداد، چ١، سلێمانی، ٢٠١٨ .

٢. ئەحمەد حەمەدئەمین، دۆزی کورد (لەچەند باسێکی مێژووییدا)، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨.

٣. ئەحمەد رەفیق کەریم، ناوچە دابڕێندراوەکانی هەرێمی کوردستان، بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستا، سلێمانی،٢٠١٤.

٤. ئەمین قادر منە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان ( تەرحیل، تەعریب، تەبعیس )، چ١، بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی دیراسات( ی. ن. ک )، سلێمانی، ٢٠١٢.

٥. بەختیار سەعید محمد، کەرکوک لەسەدەی نۆزدەهەمدا، و. محمد شوانی، چ١، دەزگای حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٦. پشکۆ حەمەتاهیر ئاغجەلەری، شاری کەرکوک، چ١، لەبلاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری ( ی. ن. ک )، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٧. تراژیدیای کورد، ژێرار شالیان، چ١، چاپخانەی خانی، هەولێر، ٢٠١٠.

٨. جەمال فەتحوڵلا تەیب، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان (١٩٧٥/٣/٢١-١٩٨٠/١١/٢٨) لێکۆلینەوەیەکی مێژووی سیاسیە، چ١، چاپخانەی شڤان، هەولێر، ٢٠١٢.

٩. حامید مەحمود ئیسا، کێشەی کورد لە عێراق، و. سوارە قەڵادزەیی، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٣.

١٠. حەسەن بارام، رەهەندەکانی کوردستانیبوونی قەزای خورماتوو، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٢.

١١. خلیل اسماعیل محمد، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨.

١٢. خلیل اسماعیل محمد، دۆزی کورد لەنەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، چ١، بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠٢١.

١٣. دڵشاد عمر عبدالعەزیز، نەوتی کەرکوک و ململانێی زلهێزەکان، چ١، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی. کەرکوک، ٢٠١١.

١٤. سالح ملا عمر عیسی، قەیران خولقێنی زلهێزەکان لە کوردستانی عێراق، و. سلێمان تاتان، چ١، ناوەندی دیراسات و پێگەیاندنی حزبی، هەولێر، ٢٠١٨.

١٥. سۆزان کەریم مستەفا، بەعسیزم و کورد(١٩٤٧-١٩٧٥)، چ١، لە بلاوکراوەککانی بیر و هۆشیاری (ی. ن. ک)، سلێمانی، ٢٠٠٧.
١٦. سەرکەوت عەبدوڵا حاجی پیرە، شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە عێراق، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٧.
١٧. سەلام شاکەلی، راگواستن و ئاوەدان کردنەوە، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨.
١٨. شێرکۆ کرمانج، شوناسی عێراق ململانێی نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٧.
١٩. غەفور مەخموری، بەعەرەبکردنی کوردستان، چ٣، چاپخانەی دارا، هەولێر، ٢٠١٠.
٢٠. فاتیح رەسوڵ، بنچینەی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چ١، ستۆکهۆڵم، ٢٠٠١.
٢١. فاتیح عەبدوڵڵا شوانی، پارێزگای کەرکوک (١٩٥٧-١٩٧٧)، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٢٢. فەرمان عبدالرەحمان، پاکتاوی رەگەزی لە کوردستانی عێراقدا، چ١، لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری ( ی. ن. ک )، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٢٣. فەرهاد حەمزە، مێژووی نەوتی کەرکوک، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٢.
٢٤. کامەران بابان زادە، رێکەوتنامەی جەزائیر و رەهەندەکانی لەسەر کێشەی کورد لە باشووری کوردستان، چ١، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣.
٢٥. کامەران کوێخا جەلال، مێژووی کۆنی کەرکوک لە رۆشنایی دەقەکانی نوزیدا، چ١، چاپخانەی خانی، هەولێر، ٢٠٠٨.
٢٦. کاوە قادر نادر، بە عێراقیکرنەوە یان قووڵبوونەوەی قەیرانی ناسنامە، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٠.
٢٧. کریس کۆچیرا، بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆی، و. حەسەن رەستگار، چ١، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.
٢٨. کەوسەر عەزیز گەلاڵی، باشووری کوردستان لە ساڵی (١٩٥٨)ەوە تا ئەمرۆ، چ١، چاپخانەی کاروان، هەولێر، ٢٠٠٩.
٢٩. لەتیف فاتح، کورد و کەرکوک، چ١، کەرکوک، ب. س.
٣٠. مسعود بارزانی، بۆ مێژوو، چ٢، هەولێر، چاپخانەی رۆکسانا، ٢٠٢٠.
٣١. نوری تاڵەبانی، ناوچەی کەرکوک و هەوڵی گۆرینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە، چ٢، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

٣٢. نەجات حەسەن، چمکێک لە مێژووی کەرکوک، چ١، کەرکوک، ٢٠٠٦.
٣٣. نەوتی کوردستانی عێراق، لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە، ١٩٩٧.
٣٤. هاوڕێ یاسین محمد امین، لێکۆلینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان، چ٣، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٤.
٣٥. هیوا عەزیز سەعید، مێژووی بەعسیزم لە عێراق، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٢.
٣٦. ئاراس عبدالرحمان مستەفا، خۆپیشاندان و ڕاپەرینەکانی باشووری کوردستان دژی حکومەتی پاشایەتی عێراق (١٩٢٠-١٩٥٨)، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٨.
٣٧. یاسین سەردەشتی، چەند لاپەرەیەک لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٧.

**دووەم: نامەی زانکۆیی:**

١. ماجد خەلیل فەتاح، پرسی نێوچە کوردستانییە دابڕێندراوەکان لە نێوان دەوڵەتی عێراق و سەرکردایەتی کوردا (١٩٥٨-٢٠١٠)، نامەی دکتۆرای بلاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢١.